سینەمای داکۆکیکارڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکان و گوتاری میدیایی لە وێناکردنی منداڵ لە سینەمای کوردیدا

م.ی. دانا محمد عبدالله [1]

[1]کۆلێژی هونەرە جوانەکان، زانکۆی سەلاحەدین-هەولێر، هەرێمی کوردستان

Dana.abdulla@su.edu.krd [1]

نووسەری پەیوەندیکار: م.ی. دانا محمد عبدالله*

پوختە

لە سینەمای کوردیدا ستراتیژی نوێنەرایەتیکردنی منداڵ، بەردەوام بەستراوەتەوە بە گوتاری میدیایی و بونیادی سۆسیۆلۆژیی کۆمەڵگەوە بەڵام خوێندنەوەی ڕەخنەیی بۆ وەرچەرخانە ئیپستمۆلۆژییەکانی ئەم گوتارە لە ئەدەبیاتی ئەکادیمی کوردیدا بۆشاییەکی جەوهەری تێدایە. ئامانج لەم توێژینەوەیە پلانی شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی ئەو وەرچەرخانە پارادیگماییەیە کە لە گوتاری میدیایی سینەمای کوردیدا ڕوویداوە لە گواستنەوەی وێناکردنی منداڵ لە قۆناغی تراومای ڕەهاوە بۆ قۆناغی ڕزگاربوونی ئایدۆلۆژی. هەروەها میتۆدی شیکاریی وەسفی پەیڕەو دەکات لە ڕێگەی شیکارییەکی سیمیۆتیکی و بەراوردکاریی مەبەستدار بۆ دوو فیلمی سینەمای کوردی: (کیسەڵەکانیش دەفڕن، 2004) و (بێکەس، 2012). چوارچێوەی تیۆریی توێژینەوەکە لەسەر بنەمای تیۆرییەکانی دەسەڵات لای میشێل فوکۆ، سۆسیۆلۆژیای کولتووریی تراوما لای جێفری ئەلیکساندەر و چەمکەکانی سۆسیۆلۆژیای نوێی منداڵی بونیاد نراوە. دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە لە قۆناغی یەکەمدا کیسەڵەکانیش دەفڕن گوتاری میدیایی جەستەی منداڵی وەک جەستەیەکی گوێرایەڵ، نیشانەیەکی پاسیڤ و کالایەکی سیمبولی بۆ نمایشکردنی تراومای دەستەجەمعی و دەستکەوتنی سۆزی وەرگری جیهانی بونیاد ناوە. بەڵام لە قۆناغی دووەمدا فیلمی بێکەس، گوتارەکە وەرچەرخاوە بەرەو مۆدێلی سینەمای داکۆکیکار ، کە تێیدا منداڵ لە وێنای قوربانییوونی هەمیشەیی ڕزگار دەکرێت و وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتیی چالاک و خاوەن ئیرادە و خۆڕاگر بۆ دارشتنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی بەرجەستە دەکرێت. گرنگی توێژینەوەکە لە ڕووی مەعریفییەوە، ئەوە دەسەلمێنێت کە سینەمای کوردی لە قۆناغی پۆست تراومادا لە ئامرازێکی تومارکەری کارەساتەوە گۆڕاوە بۆ ئامرازێکی داینامیکی بۆ بڕیاردان لە چارەنووس و بونیادنانەوەی کۆمەڵایەتی.

وشە کلیلییەکان: سینەمای کوردی، گوتاری میدیایی، سۆسیۆلۆژیای منداڵ، تراوما، سینەمای داکۆکیکار.

1.پێشەکی

سینەما وەک یەکێک لە گرنگترین و کاریگەرترین ئامرازەکانی جەماوەری، ڕۆڵێکی کاریگەر دەگێڕێت لە بەرهەمهێنانەوەی واقیع و ئاراستەکردنی هۆشیاریی دەستەجەمعیدا. لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای میدیاوە کامێرا تەنها ئامرازێکی تەکنیکیی بێلایەن نییە بۆ تۆمارکردنی ڕووداوەکان، بەڵکو ئامێرێکی ئایدۆلۆژی و ڕەمزییە بۆ پەیوەندییەکانی دەسەڵات، خولقاندنی سیاسەتی گوزارشتی (Politics of Representation) و بونیادنانی گوتاری کۆمەڵایەتی. لە مێژووی سینەمای کوردیدا، بەتایبەتی لە قۆناغی دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، وێناکردنی تراوما و کارەساتە نەتەوەییەکان بووەتە چەقی پەیامە میدیایی و هونەرییەکان لەم پرۆسەیەدا کارەکتەری منداڵ بەردەوام وەک نیشانەیەکی ناوەندی بۆ بەرجەستەکردنی برینە مێژوویییەکانی نەتەوە بەکارهێنراوە (سینا، ٢٠١٧، ل. ١٤). لە قۆناغەکانی سەرەتادا گوتاری سینەمای کوردی هاوشێوەی بەشێک لە سینەمای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەژێر هەژموونی گوتاری قوربانییووندا بووە، کە تێیدا جەستەی منداڵ وەک مۆدێلێکی پاسیڤ و کەرەستەیەکی سیمبولی بۆ ڕاکێشانی سۆزی نێودەوڵەتی و جیهانیکردنی ئازارە ناوخۆییەکان وێنە دەکرا (معتمدی، ٢٠١٨، ل. ٤٥). بەڵام لەگەڵ گەشەسەندنی سۆسیۆلۆژیی کۆمەڵگەی کوردی و پێگەیشتنی پەیامی میدیایی ئەم گوتارە گۆرانی بەخۆیەوە بینی، بەجۆرێک کارەکتەری منداڵ لە وێنای قوربانییەکی بێدەسەڵاتەوە گۆڕا بۆ بکەرێکی کۆمەڵایەتی (Social Agent) کە خاوەنی ئیرادە و هۆشیاری و بەرهەنگارییە. ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی شیکارییەوە بۆ دوو فیلم لە دوو قۆناغی جیاوازدا کە بریتین لە فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن، 2004) و فیلمی (بێکەس، 2012) ڕەهەندە سۆسیۆلۆژی و سینەمایەکانی ئەم وەرچەرخانە ئیپستمۆلۆژییە شیدەکاتەوە

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12613]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

2.1. کێشەی توێژینەوە

کێشەی سەرەکیی ئەم توێژینەوەیە لە بوونی بۆشاییەکی ئەکادیمی و مەعریفیدا خۆی دەبینێتەوە، لە خوێندنەوەی گوتاری فیلمی کوردیدا. زۆربەی لێکۆڵینەوە پێشووەکان کارەکتەری منداڵیان تەنها وەک کەرەستەیەکی درامی یان ڕەگەزێکی تراژیدی لەناو گێڕانەوەکاندا لێکداوەتەوە، بەبێ تێڕامانی ڕەخنەیی لەو گۆڕانە ئایدۆلۆژی و سۆسیۆلۆژییەی کە سینەمای لە نمایشکردنی ڕووداوەکان و قوربانیبوونی هەمیشەییەوە گۆڕیوە بۆ سینەمای داکۆکیکار. کەمیی لێکۆڵینەوە تیۆرییەکان لەسەر گۆڕانی کۆدە سیمیۆتیکییەکانی جەستەی منداڵ لە میدیای بینراوی کوردیدا، پێویستیی بە توێژینەوەیەکی زانستیی هەیە. لەم سۆنگەیەوە کێشەی توێژینەوەکە لەم پرسیارە سەرەکییانەی خوارەوەدا چڕ دەبێتەوە:

1.2.1.گوتاری میدیایی لە سینەمای کوردیدا چۆن کۆدە سیمیۆتیکییەکان بەکاردەهێنێت بۆ گواستنەوەی ناسنامەی منداڵ لە دۆخی قوربانییەکی پاسیڤەوە بۆ دۆخی بکەرێکی کۆمەڵایەتیی خاوەن ئیرادە؟

2.2.1.لە ڕوانگەی سۆسیۆلۆژیای نوێی منداڵی و تیۆریی کولتووریی تراوماوە، دەرەنجامە سۆسیۆلۆژی و میدیاییەکانی ئەم وەرچەرخانە لە وێناکردنی کارەکتەری منداڵ لە هەردوو فیلمی هەڵبژێردراودا چیین؟

3.1. گریمانەکانی توێژینەوە

توێژینەوەکە بەپێی دوو گریمانەی سەرەکی ڕێکخراوە:

گریمانەی یەکەم: لە قۆناغی یەکەمدا گوتاری میدیایی سینەمای کوردی جەستەی منداڵی وەک جەستەیەکی گۆڕایەڵ و قوربانییەکی پاسیڤ بونیاد ناوە، بە مەبەستی بەکارهێنانی ئازارەکان وەک کاڵایەک بۆ ڕاکێشانی سۆزی نێودەوڵەتی و بەجیهانیکردنی تراومای نەتەوەیی.

گریمانەی دووەم: لە قۆناغی دووەمدا وەرچەرخانێکی مۆدێرن ڕوویداوە بەرەو سەرهەڵدانی سینەمای داکۆکیکار، کە تێیدا پەیامی سینەمایی منداڵ لە چوارچێوەی قوربانیبوونی ڕەها ڕزگار دەکات و دەیکاتە بکەرێکی کۆمەڵایەتیی ئەکتیڤ کە خاوەنی ئیرادەی خۆڕاگری و داڕشتنەوەی ناسنامەی نەتەوەییە.

4.1. ئامانجەکانی توێژینەوە

1.4.1.ئەنجامدانی شیکارییەکە بۆ پەیامە میدیاییەکان و کۆدە بینراوەکانی هەردوو فیلمەکە، بە مەبەستی دۆزینەوەی ئاستە ئایدۆلۆژی و واتا شاراوەکان.

2.4.1.دەستنیشانکردنی گۆڕانکارییە سۆسیۆلۆژییەکان لە تێڕوانینی گوتاری سینەمای کوردی بۆ چەمکی منداڵ و سەلماندنی دەرکەوتنی سینەمای داکۆکیکار وەک مۆدێلێکی جیگیرەوەی ڕێسا هونەری و کۆمەڵایەتییەکان.

3.4.1.بەکارهێنانی تیۆرییەکانی تراومای دەستەجەمعی و چەمکی جەستەی گۆڕایەڵی میشێل فوکۆ بۆ تێگەیشتن لە ئایدۆلۆژیا و سیاسەتی نوێنەرایەتیکردن لەو وێنەیی گوزراشت لە منداڵ دەکات لە فیلمەکاندا

5.1.گرنگیی توێژینەوە

1.5.1.گرنگیی تیۆری (ئەکادیمی): گرنگیی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە خوێندنەوەیەکی نوێی ئینتەردیسپلینەری لە نێوان کۆمەڵناسی و میدیا و سیمیۆلۆژیای سینەماییدا پێشکەش دەکات. لەبری ڕاڤەکردنی ڕووکەشیی گێڕانەوە دراماییەکان، توێژینەوەکە تیشک دەخاتە سەر چۆنیەتی بەرهەمهێنانی وێنە لە میدیادا. هەروەها ئەم توێژینەوەیە بۆشاییەکی جەوهەری لە ئەدەبیاتی زانستیدا پردەکاتەوە، چونکە توێژینەوەکانی پێشوو زیاتر لە گۆشەنیگای ناسیۆنالیستی یان مێژووییەوە لە سینەمای کوردییان کۆڵیوەتەوە، بەڵام ئەم توێژینەوەیە چەمکەکانی سۆسیۆلۆژیای نوێی منداڵی و تیۆریی دەسەڵاتی فوکۆ تێکەڵ بە شیکاریی سینەمایی دەکات.

2.5.1.گرنگیی کرداری (کۆمەڵناسی و سینەمایی): توێژینەوەکە دەیسەلمێنێت کە تێپەڕاندنی گرێی قوربانیبوون لە پەیامە سینەمایی و میدیاییەکاندا زەرووەتێکی سۆسیۆلۆژی و دەروونییە بۆ بونیادنانەوەی ناسنامەیەکی پۆزەتیڤ لە کۆمەڵگەی پۆست تراومادا.

6.1. سنووورەکانی توێژینەوە

1.6.1.**سنووری بابەت :** شیکاریی گوتاری میدیایی و ڕەهەندە سۆسیۆلۆژییەکانی وێناکردنی منداڵ لە هەردوو فیلمی سینەماییدا لە ڕوانگەی (سۆسیۆلۆژیای منداڵی، تیۆریی تراوما و سیمیۆلۆژیا).

2.6.1. سنووری کات : قۆناغی مێژوویی نێوان ساڵانی (٢٠٠٤ بۆ ٢٠١٢)، کە ساڵی بەرهەمهێنانی هەردوو فیلمی دیاریترینی ئەم دوو پارادیگمایەن.

3.6.1. سنووری شوێن: ئەو فیلمە کوردییانەی لە جوگرافیای هەرێمی کوردستانی عێراقدا وێنەگیراون.

2.سینەما وەک ئامرازێکی ڕاگەیاندنی جەماوەری

لە کایەکانی میدیا و سۆسیۆلۆژیادا هونەری سینەما پێگەیەکی ناوەندی و هەستیاری هەیە، چیتر تەنها وەک ژانرێکی هونەری یان کەرەستەیەکی کات بەسەربردن سەیر ناکرێت، بەڵکو وەک یەکێک

لە پلانفۆرمە هەرە کاریگەر و ئایدۆلۆژییەکانی ڕاگەیاندنی جەماوەری مامەڵەی لەگەڵدا دەکرێت (McQuail, 1999, p. 82). ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بەتایبەت ئەوانەی پشت بە وێنەی جوواڵاو و کۆدەکانی بینین وبیستن دەبەستن، توانایەکی بێسنووریان هەیە لە دروستکردنی هۆشیاریی کۆمەڵایەتی لێکدانەوەی مێژوو و ئاراستەکردنی ڕای گشتیدا.

بەپێی بۆچوونی تۆڕەرانی میدیا و تۆڕێنەوە کولتوورییەکان ئامرازەکانی میدیا و سینەما واقیع وەک خۆی ناگوازنەوە، بەڵکو بە شێوەیەکی سیستماتیک بەرهەمی دەهێننەوە ئەمەش لە ڕێگەی پرۆسەیەکەوە کە پێی دەوترێت سیاسەتی نوێنەرایەتیکردن (Hall, 1997, p. 17). لەم پرۆسەیەدا گوتاری میدیایی و سینەمایی بڕیار دەدات کە کێ وەک پاڵەوان و کێ وەک قوربانییەکی بێدەسەڵات و کێ وەک پەراوێزخراو پیشان بدرێت.

لە ناو کۆمەڵگەکاندا سینەما وەک ئامرازێکی میدیایی و کۆمەڵناسی ڕۆڵێکی گەورەی هەیە لە دارشتنی گوتاری کۆمەڵایەتی سەبارەت بە روداوە یەک لەدوای یەکەکان. گوتاری میدیایی لەژێر فشارێکی دەروونی و سیاسیدا هەوڵی ناساندنی نەهامەتییەکان دەدات بۆ جیهانی دەرەوە، سینەما دەبێتە ئەو ئامرازەی کە قورسترین پەیامە تراژیدییەکان هەڵدەگرێت. بەڵام پرسیارە گەورەکەی زانستی کۆمەڵناسی و میدیا لێرەدا ئەوەیە ئایا بەردەوامبوونی ئەم گوتارە میدیاییە تا چەند کاریگەریی نەرێنی یان ئەرێنی لەسەر وێناکردنی سایکۆلۆژی و سۆسیۆلۆژیی تاکی کۆمەڵگە دروست دەکات؟ لێرەوەیە کە شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی پەیامە میدیاییەکان، دەبێتە زەرووڕەتێکی سۆسیۆلۆژی و ئەم چەمکە دەبێتە ڕێنمای شیکاریی داتاکان.

1.2. سۆسیۆلۆژیای نوێی منداڵ لە گوتاری میدیاییدا لە قوربانییەوە بۆ بکەری کۆمەڵایەتی

بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتیی وێناکردنی منداڵ لە پەیامە میدیاییەکاندا، ئەم تۆڕێنەوەیە وەک بنەمایەکی تیۆری پشت بە پارادیگمای سۆسیۆلۆژیای نوێی منداڵ دەبەستێت. لە ڕابردوودا تیۆرییە کلاسیکییەکانی کۆمەڵناسی و دەروونناسیش منداڵیان وەک بوونەوەرێکی ناتەواو و ناچالاک لە قەڵەم دەدا، کە تەنها وەرگری کارتێکەرە کۆمەڵایەتییەکانە و هیچ ڕۆڵێکی کارای لە بونیادنانی واقیعدا نییە (Corsaro, 2015, p. 18). ئەم تێڕوانینە کلاسیکییە ڕێک ئەوە بوو کە گوتاری میدیایی سینەما لە قۆناغە سەرەتاییەکاندا پەیڕەوی دەکرد، کە تێیدا منداڵ تەنها ئامرازێک یان ئۆبجێکتێک بوو بۆ ڕاکێشانی سۆز و مانیفێستکردنی تراوما.

بەڵام لە کۆتاییەکانی سەدەی بیستەمدا وەرچەرخانێکی گەورەی ئەکادیمی لەم بوارەدا بەرپا بوو کە چەمکی منداڵی وەک بکەری کۆمەڵایەتی هێنایە ئاراوە. بەپێی ئەم دیدە منداڵان قوربانیی بێدەسەڵات و پەراوێزخراو نین، بەڵکو بەشداربوویەکی چالاکن لە بەرهەمهێنانەوە و گۆڕینی ژیانی کۆمەڵایەتی و کولتووریی خۆیان و دەوروبەریاندا (James & Prout, 1997, p. 8). ئەوان خاوەنی ئیرادەی تایبەتی خۆیانن و دەتوانن لە نێو سەختترین و وێرانترین بارودۆخەکاندا، وەک ڕووداوەکان و جەنگەکان ستراتیژیەتی مانەوە و بەرەنگاری بۆ خۆیان دابڕێژن.

ئەم وەرچەرخانە تیۆرییە ڕیشەییە لە سۆسیۆلۆژیادا ڕەنگدانەوەیەکی گەورەی بەسەر گوتاری سینەمایی هاوچەرخدا هەبوو و ئامرازەکانی میدیا بەتایبەت سینەما دەستیان کرد بە پێداچوونەوەیەکی ڕەخنەگرانە بە سیاسەتی وێناکردنی منداڵاندا. لەم تۆڕێنەوەیەدا ئەم چوارچێوە سۆسیۆلۆژییە وەک پێوەرێکی بەراوردکاری بەکاردێت بۆ تاقیکردنەوەی شێوازی دەستنیشانکردنی ڕفتار و بڕیارەکانی کارەکتەری منداڵ لە ناو دەقە بینراوەکاندا.

2.2. تراومای دەستەجەمعی و گوتاری میدیایی

بۆ تێگەیشتنی قوڵ لە چۆنیەتیی ئاراستەکردنی پەیامە میدیاییەکان، پێویستە بگەڕێینەوە بۆ تیۆریی تراومای دەستەجەمعی. لە سۆسیۆلۆژیادا تراومای دەستەجەمعی تەنها بریتیکی دەروونیی تاکەکەسی نییە، بەڵکو ڕووداوێکی کارەساتبارە کە لە قوواڵییدا ناسنامە و هۆشیاریی کۆمەڵگەیەک بریندار دەکات و دەبێتە بەشێک لە بیرەوەرییە ئایدۆلۆژییەکەی (Alexander, 2012, p. 15). کاتێک ئەم تراومایە دەگوازرێتەوە بۆ ناو ئامرازەکانی میدیای جەماوەری و بەتایبەتیش سینەما، دەبێتە کەرەستەیەک بۆ بونیادنانی گوتاری قوربانییوون.

لە زانستەکانی میدیا و سۆسیۆلۆژیای کولتووریدا، زۆرجار میدیاکان پەنا دەبەنە بەر چەمکی بازرگانیکردن بە ئازارەوە بۆ ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر و خولقاندنی سۆزێکی نێودەوڵەتی (Kleinman & Kleinman, 1997, p. 10). لەم ستراتیژیەتە میدیاییەدا دەرهێنەر وەک داڕێژەرێکی پەیامی میدیایی جەستەی کەمئەندام و زەبرخواردووی منداڵ نەک وەک تاکێک بەڵکو وەک سیمبولێک یان میتافۆرێک بۆ وێرانبوونی نیشتمان بەکاردەهێنێت. واتە کامێرا بە وردی تراوماکە دەگوازێتەوە، بەڵام لە هەمان کاتدا لەسەر ئاستی سۆسیۆلۆژی، منداڵەکە لە مافی بکەریەتی بێبەش دەکات و دەیکاتە ئامرازێکی ناچالاک لە خزمەتی پەیامێکی سیاسی و نەتەوەییدا. ئەم تێڕوانینە تیۆرییە دەبێتە بنەما بۆ دیاریکردنی هێما و کۆدە تراژیدییەکان لە بەشی شیکاریدا.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12613]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

3.2. جەستەی گوێرایەڵ و کۆنترۆڵی میدیایی لە دیدگای میشێل فوکۆوە

بۆ قوڵبوونەوەی زیاتر لە شیکارییە سۆسیۆلۆژییەکەی گوتاری میدیایی و تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵات و کامێرا و جەستە، ئەم توێژینەوەیە سوود لە چەمکی جەستەی گوێرایەڵی میشێل فوکۆ دەبینێت. فوکۆ لە شیکارییەکانیدا بۆ دەسەڵات پێی وایە کە دامەزراوەکان و گوتارە باوەکان دەتوانن جەستەی مرۆڤ کۆنترۆڵ و دیسپلین بکەن، بەرگێکی دیاریکراوی بە بەردا بکەن بۆ ئەوەی خزمەت بە ئامانجێکی دیاریکراوی ئایدۆلۆژی بکات (Foucault, 1977, p. 136). ئەگەر ئەم تیۆرییە بگوازینەوە بۆ ناو بازنەی میدیا و هونەری سینەما، دەبینین کە کامێرا ڕۆڵی ئەو دەسەڵاتە دەگێڕێت کە جەستەی کارەکتەرەکان کۆنترۆڵ دەکات. لە سینەمادا پەیامی میدیایی لە ڕێگەی مۆنتاژ و وێنەوە جەستەی منداڵ دەکاتە جەستەیەکی گوێرایەڵ واتە جەستەیەک کە ڕێگەی پێنادرێت خەون ببینێت و یاخی بێت یان بەرهەنگاری واقیعەکەی ببێتەوە، بەپێچەوانەوە ئەم جەستەیە تەنها دەبێت ئازار بکێشێت تاوەکو ببێتە بەڵگەیەک بۆ سەلماندنی تاوانەکان لەسەر شاشەی میدیاکان (Chouliaraki, 2000, p. 32). لەم چوارچێوەیەدا گوتاری سینەمایی لە ڕێگەی سیاسەتی نوێنەرایەتیکردنەوە چەوساندنەوەیەکی سیمبولی بەسەر جەستەدا دەسەپێنێت، ئەویش زەوتکردنی ئیرادە و هێزی گۆڕانکارییە لێی. ئەم چەمکە لە توێژینەوەکەدا وەک کەرەستەیەکی داڕشتنی کۆد بەکاردێت بۆ لێکدانەوەی وێنەی جەستە لەسەر شاشە.

4.2.سینەمای داکۆکیکار: ڕەهەندە چەمکییەکان، ڕزگاربوونی گوتاری و بونیادنانی بکەرییەتی

لە کایەیی توێژینەوە میدییەکاندا، چەمکی سینەمای داکۆکیکار (Advocacy Cinema) وەک پارادیگمایەکی ئینتەردیسپلینەریی گەشەی کردووە کە تێیدا کامێرا لە ئامرازێکی بێلایەنی تۆمارکەری کارەساتەوە دەگۆڕێت بۆ دەستپێشخەرییەکی ئایدۆلۆژی و ئیتیکی بۆ هێنانی گۆڕانکاریی سۆسیۆلۆژی. لە شیکارییە هاوچەرخەکانی میدیا و تراومادا، جەخت لەوە دەکرێتەوە کە سینەمای داکۆکیکار چیتر لە ناو سنووری تەنگەکانی گێڕانەوەی تراژیدی و سیاسەتی ڕزگارکردنی تەقلیدیدا نامێنێتەوە، بەڵکو مۆدێلێکی ڕەخنەیی بونیاد دەنێت تاوەکو پەیوەندییەکانی دەسەڵات لە نێوان سوژە و میدیا و وەرگردا داڕێژرێنەوە (Chouliaraki, 2024, p. 38). بەپێی بۆچوونی سیلڤستری و میچێل، گواستنەوەی گوتاری میدیایی لە دەورانی هاوچەرخدا وا پێویست دەکات کە پەیوەندییکردنی تراوما لە هەڵپەسێردراویی بەرهەمییەوە بەرەو بونیادنانی هۆشیاریی کۆمەڵایەتیی چالاک ئاراستە بکرێت (Silvestri & Mitchell, 2023, p. 84). لە کۆنتێکستی کۆمەڵگە پراوێزخراوەکان و پۆست تراومادا، هەڵکشان و داڕشتنەوەی چەمکی سینەمای داکۆکیکار پەیوەستە بە لێکهەڵوەشاندنەوەی ڕێسا تەقلیدییەکانی پیشاندانی ناچالاکانەی ئازار. شوێنکەوتووانی سۆسیۆلۆژیای ڕەخنەیی میدیا ئاماژە بەوە دەکەن کە پیشاندانی بەردەوامی کەمئەندامی و داڕمانی فیزیکیی کارەکتەرەکان لە میدیادا، سوژەکە لە مافی بکەریەتی دادەماڵێت و وەرگری جیهانیش تووشی بەزەییپێداهاتنەوەیەکی ئایرۆنی و کاتی دەکات (Chouliaraki, 2024, p. 72). لە بەرامبەردا سینەمای داکۆکیکار لە ڕێگەی ئامرازە سیمیۆتیکییەکانەوە بەرهەنگارە گوتار (Counter-Discourse) بەرهەم دەهێنێت. وەک ئێبرێخت هارت مان جەختی لێ دەکاتەوە، لە پێناو ڕێگری لە زیندانیکردنی بیرەوەریی نەتەوەکان لە ناو ئیفلیجیی تراومادا، وێنەی بینراو لە سینەمای مۆدێرندا وەک ئامرازێکی داینامیکی بەکاردێت تاوەکو جەستەی قوربانی لە ئۆبجێکتێکی سستەوە بگوازێتەوە بۆ بکەرێکی کۆمەڵایەتی کە خاوەن ئیرادە و بڕیاردانە (Ebbrecht-Hartmann, 2023, p. 115). پیادەکردنی ئەم گوتارە نوێیە لە وێناکردنی منداڵ و توێژە پەراوێزخراوەکاندا، داڕشتنەوەی پەیوەندیی نێوان کارەکتەر و بینەر لە سەر بنەمای هاوسۆزیی بنەماکراو لەسەر ڕێز دیاری دەکات. لە شیکارییەکانی توفت و ویڵدەرموسدا هاتوو، میدیای داکۆکیکار و بەشداریکەر، تواناسازی و هۆشیاریی کارەکتەرە گەنجەکان بەرجەستە دەکات و وەک بکەری گۆڕانکاریی کۆمەڵایەتی دەیانناسێنێت، نەک وەک پاشکۆی بێدەسەڵاتی پەرچەکردنی دەسەڵاتە دەرەکییەکان (Tufte & Wildermuth, 2023, p. 142). بەم شێوەیە سینەمای داکۆکیکار وەرگر لە تەماشاکارێکی بێئیرادە بەرهەمهێنراو لەسەر سۆزداریی دەستبەجێ دەگوازێتەوە بۆ وەرگرێکی چالاک کە ڕێز لە خەبات و ئیرادە،و کەرامەتی سوژەکە دەگرێت.

لەم سۆنگەیەوە بەکارهێنانی چەمکی سینەمای داکۆکیکار وەک چوارچێوەیەکی تیۆریی هاوچەرخ، ڕێگەیەکی ئیپستمۆلۆژیی توکمە بۆ توێژەر دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن بەرهەمە سینەماییەکان لە قۆناغی پۆست تراومادا لە تەنها تۆمارکەری شیوەنگێڕیی مێژوویییەوە دەپەڕنەوە بەرەو پلاتفۆرمێکی ستراتیژی بۆ بڕیاردان لە چارەنووس و خۆڕاگری و بونیادنانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی (Silvestri & Mitchell, 2023, p. 190; Chouliaraki, 2024, p. 105).

5.2. سیمیۆلۆژیا و گوتاری میدیایی و ململانێی مانا لە وێنەی سینەماییدا

بۆ تێگەیشتنی قوڵ لەوەی کە چۆن سینەما وەک میدیایەکی جەماوەری لەسەر ئاستی نائاگایی کار دەکات، پێویستە پەنا ببەینە بەر زانستی سیمبولناسی. لەم سۆنگەیەوە تیۆریست ڕۆڵان بارت دەڵێت وێنەکان تەنها وێنەی ڕووت و بێلایەن نین، بەڵکو هەڵگری ئەفسانە و ئایدۆلۆژیان (Barthes, 1972, p. 109). لە لێکدانەوەی گوتاری سینەماییدا وێنەی منداڵ تەنها نیشانەیەکی بایۆلۆژی نییە بۆ

قۆناغێکی تەمەن، بەڵکو نیشانەیەکی کراوەی سیاسی و کۆمەڵایەتییە کە دەکرێت چەندین واتای جیاوازی لێ هەڵبهێنجرێت.

لەم چوارچێوەیەدا، گوتاری میدیایی لە دروستکردنی پەیامەکانیدا کار لەسەر دوو ئاستی مانا دەکات:

1.5.2. واتای ڕاستەوخۆ یان ڕووکەش: کە تێیدا منداڵەکە لەسەر شاشە تەنها وەک ڕووداوێکی بەرچاو یان کەسایەتییەکی تەمەن دیاریکراو دەردەکەوێت.

2.5.2. واتای ناڕاستەوخۆ یان شاراوە: کە تێیدا جەستە و ژینگەی منداڵەکە دەبێتە گوزارشتێکی میتافۆری بۆ ناسنامە، خەون یان ململانێیەکی کۆمەڵایەتی و ئایدۆلۆژی.

گۆڕانکاری لە گوتاری میدیاییدا لە ڕاستیدا گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە لە خودی سیستەمی نیشانەکاندا. کاتێک نیشانە بینراوەکان لە ڕەمزەکانی وێرانییەوە دەگۆڕێن بۆ ڕەمزەکانی هۆشیاری و ئامانج ئەمە لە ڕووی سۆسیۆلۆژییەوە ئاماژەیە بۆ گۆڕانی ئونتۆلۆژی لە تێڕوانینی کۆمەڵگە بۆ خودی خۆی و داهاتووی. لێرەدا میدیا و کامێرا چیتر وەک پلاتفۆرمی شیوەن کار ناکەن بەڵکو وەک پلاتفۆرمی داکۆکیکاری و بەرەنگاری کار دەکەن (Hall, 1997, p. 24). ئەم دوو ئاستەی مانا لە زانستی سیمیۆلۆژیادا دەبنە بنەمای مۆدێلی شیکاریی سیمیۆلۆژی بۆ دەرهێنانی ماناکانی ناو وێنە سینەماییەکان.

6.2. سیاسەتی نوێنەرایەتیکردن و ناسنامەی منداڵ لە میدیای کارەساتدا

لە کۆمەڵناسیدا چەمکی ناسنامە چەمکێکی جێگیر نییە، بەڵکو بەرهەمێکی کۆمەڵایەتییە کە لە ڕێگەی گوتارە میدیایی و دامەزراوەییەکانەوە بونیاد دەندرێت. ستوارت هۆڵ لە شیکارییەکانیدا بۆ کولتوور جەخت لەوە دەکاتەوە کە پرۆسەی نوێنەرایەتیکردن تەنها پیشاندانەوەی واقیع نییە، بەڵکو بەشێکی سەرەکییە لە خودی پرۆسەی دروستکردنی مانادا (Hall, 1997, p. 17). هەروەها لە سینەمادا نوێنەرایەتیکردنی منداڵ بەستراوەتەوە بەو ژینگە سۆسیۆپۆلەتیکییەی کە دەقەکەی تێدا بەرهەم دەهێنرێت و ئاراستە دەکرێت.

لە قۆناغی گوتاری تراژیدیدا پرۆسەی نوێنەرایەتیکردنەکە بەتەواوی لەژێر هەژموونی تراومای دەستەجەمعیدایە لێرەدا ناسنامەی منداڵ وەک قوربانیی هەمیشەیی و بێدەسەڵات جێگیر دەکرێت. ئەم جۆرە نوێنەرایەتییە میدیاییە، وەک شیکارییە فینۆمینۆلۆژییەکان ئاماژەی بۆ دەکەن، دەبێتە هۆی خولقاندنی چەمکی سۆزی دوورمەودا لەلایەن وەرگری بیانییەوە، واتە بینەر سۆزێکی کاتیی بۆ دروست دەبێت بەبێ ئەوەی ئەم سۆزە هیچ گۆڕانکارییەکی ڕیشەیی لە پێگەی سۆسیۆلۆژیی قوربانییەکەدا بکات (Chouliaraki, 2006, p. 41). بەڵام کاتێک گوتارەکە وەرچەرخان بەخۆیەوە دەبینێت سیاسەتی نوێنەرایەتیکردنەکە لە بنەڕەتەوە دەگۆڕێت، لێرەدا منداڵ نوێنەرایەتیی ئومێد و خەون و بکەریەتی دەکات. ئەم وەرچەرخانە میدیاییە بەهایەکی سۆسیۆلۆژیی بەرز هەڵدەگرێت چونکە یارمەتیی وەرگر دەدات کە لە گرێی قوربانیبوون ڕزگاری بێت و لەبری چاوەڕوانیی سۆزی ئەوانی تر پشت بە ئیرادەی خۆی ببەستێت. لێرەدا سینەما دەبێتە ئامرازێکی چالاکی بەکۆمەڵایەتیکردن کە تێیدا تاکی کۆمەڵگە فێری ئیرادە دەبێت نەک تەنها وەستان لەناو ڕابردوودا.

تێکەڵکردنی تیۆرییەکانی میدیا (گوتار و نوێنەرایەتیکردن و سیمبولی) لەگەڵ تیۆرییەکانی کۆمەڵناسی (سۆسیۆلۆژیای نوێی منداڵی و تراومای دەستەجەمعی) ڕێگەیەکی زانستیی ئەکادیمی و پێشکەوتوومان بۆ دەکاتەوە تاوەکو بتوانین ئەو وەرچەرخانە گەورەیە ببینین و بخوێنینەوە کە لە گوتاری سینەماییدا ڕوویداوە.

3. میتۆلۆژیای توێژینەوەکە

ئەم بەشە تەرخانکراوە بۆ خستنەڕووی نەخشەڕێگا و هەنگاوە میتۆلۆژییەکانی توێژینەوەکە. بۆ بەدەستهێنانی وەڵامی ورد و زانستی بۆ پرسیارەکانی توێژینەوەکە سەبارەت بە گوتاری میدیایی و سیاسەتی نوێنەرایەتیکردنی منداڵ لە هەردوو فیلمی هەڵبژێردراو لە سینەمای کوردیی دوای کارەساتدا ئەم لێکۆڵینەوەیە پشت بە میتۆدی شیکاریی وەسفی لە چوارچێوەی پارادیگمای چۆنایەتیی ڕاڤەکاریدا دەبەستێت.

1.3. دیزاینی توێژینەوە و پێکەوەبەستنی ئیپستمۆلۆژی

توێژینەوەکە لەسەر بنەمای بونیادگەریی کۆمەڵایەتی و ڕوانگەی ڕەخنەیی بونیاد نراوە، کە تێیدا دەقی سینەمایی و وێنەی جووڵاو وەک بونیادێکی نیشانەیی و ئایدۆلۆژی سەیر دەکرێن کە مانا دروست دەکەن و چوارچێوە بۆ لێکدانەوەی دیارده کۆمەڵایەتییەکان دادەنێن. بۆ ڕێگری لە هەر تێکەڵاوبونێکی مەعریفی لە نێوان تیۆرییەکاندا دیزاینی شیکارییەکە لەسەر دوو ئاستی تەواوکەری یەکتر ئاراستە کراوە:

1.1.3. ئاستی مایکرۆ (Micro-level): سوود لە سیمیۆتیکی بونیادگەریی ڕۆڵان بارت وەردەگیرێت بۆ هەڵوەشاندنەوەی وردی کۆدە بینراوەکان و نیشاندەرەکان،م و مانا شاراوەکان لە ناو کادیرە سینەماییەکاندا.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12613]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

2.1.3. ئاستی ماکرۆ (Macro-level): سوود لە شیکاریی ڕەخنەگرانەی گوتاری بینراو، لەسەر بنەمای تێروانینەکانی میشێل فوکۆ و تیۆرییەکانی ڤان لیووێن وەردەگیرێت، تاوەکو ئەو مانایە سیمیۆتیکییانە ببەسترێنەوە بە کرۆکی دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا و چوارچێوەبەندیی میدیاییەوە.

2.3. کۆمەڵگەی توێژینەوە و یەکەی شیکاری

1.2.3. کۆمەڵگەی توێژینەوە و نموونەی ئامانجدار

کۆمەڵگەی توێژینەوەکە پێکهاتووە لە دوو فیلمی درێژی سینەمایی کە لەسەر بنەمای نموونەگیریی ئامانجدار (Purposive Sampling) دەستنیشان کراون:

- فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن، ٢٠٠٤): لە دەرهێنانی بەهمەن قوبادی، ماوەی فیلم: ٩٧ خولەک. نوێنەرایەتیی قۆناغی یەکەمی فیلمی کوردی (دوای ٢٠٠٣) دەکات کە تێیدا گوتاری تراوما و قوربانیبوونی ناچالاک زاڵە.
- فیلمی (بێکەس، ٢٠١٢): لە دەرهێنانی کارزان قادر، ماوەی فیلم: ٩٢ خولەک. نوێنەرایەتیی قۆناغی دووەم (دوای ٢٠١٠) دەکات کە تێیدا گوتاری داکۆکیکار و بکەریەتیی ئیرادەدار ڕەنگ دەداتەوە.

2.2.3. دیاریکردنی دیمەنەکان: بۆ ڕێگری لە هەڵبژاردنی ئارەزوومەندانە ڕێکارێکی زانستی بۆ هەڵبژاردنی دیمەنەکان جێبەجێ کراوە. دەستنیشانکردنی دیمەنە شیکاریکراوەکان لەسەر بنەمای ئەم پێوەرانەی خوارەوە بووە:

- ئامادەیی بکەرایەتی منداڵ: دەبێت کارەکتەری منداڵ لە ناوەند و جەرگەی کرداری درامیدا بێت.
- چڕیی سیمیۆتیکی: دەبێت دیمەنەکە هەڵگری بەرزی نیشانەکان بێت (پەیوەندیی جەستە لەگەڵ ئۆبجێکتەکانی تراوما وەک مین و کەمپ یان ئۆبجێکتەکانی ڕزگاری وەک نەخشە و ڕادیۆ).
- گوتار: دەبێت دیمەنەکە وەرچەرخانێکی جەوهەری لە گێڕانەوەدا دروست بکات کە ڕاستەوخۆ وەڵامی پرسیارەکانی توێژینەوەکە بداتەوە.

3.2.3. یەکەی شیکاری و پێناسەی کرداری

- یەکەی شیکاریی سەرەکی : بریتییە لە دیمەنی زنجیرەیی لە ڕووی کردارییەوە، دیمەنی زنجیرەیی پێناسە دەکرێت بە کۆمەڵە فرێم بەدواداهاتوو کە یەکەیەکی درامیی سەربەخۆ بونیاد دەنین و تێیاندا یەکێتیی شوێن و کات و بابەت بەرجەستە دەبێت. بەپێی یەکەی سەرەوە، ٦ دیمەنی زنجیرەیی لە فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن (کۆی گشتی: ٣٢ خولەک) و ٥ دیمەنی زنجیرەیی لە فیلمی بێکەس (کۆی گشتی: ٢٨ خولەک) هەڵبژێردراون.
- یەکەی شیکاریی پاڵپشت: بریتییە لە کادیری جێگیر کە لە ناو دیمەنە زنجیرەییەکاندا بۆ شیکاریی سیمیۆتیکیی زۆر ورد دەستنیشان کراون.

3.3. جێبەجێکردنی ئامرازەکانی شیکاریی ڕەخنەیی

1.3.3.مۆدێلی سیمیۆتیکیی ڕۆڵان بارت

ئەم مۆدێلە لەسەر دوو ئاستی هەرەمیدا جێبەجێ دەکرێت (Barthes, 1972, p. 115)

- ئاستی واتای ڕاستەوخۆ : تۆمارکردنی بێلایەنانەی پێکهاتە فیزیکییەکانی کادیر (گۆشەی کامێرا، ڕووناکی، شوێنی کارەکتەر، و ئۆبجێکتە ئامادەبووەکان).
- ئاستی واتای ناڕاستەوخۆ و ئەفسانە: لێکدانەوەی مانای سیمبولی و ئایدۆلۆژیی نیشانەکان (وەک لێکدانەوەی جەستەی کەمئەندام وەک میتافۆرێک بۆ دارمانی نەتەوەیی، یان گوێدرێژ و نەخشە وەک نیشانەیەک).

2.3.3. مۆدێلی شیکاریی ڕەخنەگرانەی گوتاری بینراو

بۆ بەستنەوەی نیشانەکان بە دەسەڵات و میدیاوە، پشت بە مۆدێلی شیکاریی ڕەخنەگرانەی گوتاری بینراوی تەئۆ ڤان لیووێن و تێروانینەکانی ستیوارت هۆڵ دەبەسترێت (Van Leeuwen, 2008, p. 34; Hall, 1997, p. 22)

ئەم ئامرازە تەرخانکراوە بۆ شیکردنەوەی:

- چوارچێوەبەندیی میدیایی : کامێرا چۆن کارەکتەرەکە وێنەدەگرێت وەک قوربانییەکی ناچالاک بۆ ڕاکێشانی بەزەیی یان وەک بکەرێکی کارا بۆ دروستکردنی هاوسۆزیی چالاک.
- نوێنەرایەتیکردنی جەستە: بەکارهێنانی تیۆریی جەستەی گوێرایەڵی فوکۆ بۆ دیاریکردنی ئاستی کۆنترۆڵبوونی کارەکتەرەکە لەلایەن دەسەڵاتی جەنگ یان یاخیبوونی بەسەر واقیعدا (Foucault, 1977, p. 138).

4.3. ڕەهەندی کۆدسازیی:

پرۆسەی کۆدسازی لەم توێژینەوەیەدا لە جۆری ڕەهەند و پێوەرەکان ڕاستەوخۆ لە چوارچێوە تیۆرییەکەی بەشی دووەمەوە وەرگیراون و بەسەر تەواوی نموونەکاندا جێبەجێ کراون.

- کۆدسازی لەسەر ٥ ڕەهەندی سەرەکی وەستاوە:

- ڕەهەندی یەکەم: چوارچێوەبەندیی گوتاری میدیایی: ئامانجی کامێرا لە ئاراستەکردنی پەیامەکە (نمایشکردنی تراوما و بەکاڵاکردنی ئازار بەرامبەر گێڕانەوەی هێز، و خەون و سینەمای داکۆکیکار).
- ڕەهەندی دووەم: پێگە و بکەریەتیی سۆسیۆلۆژیی منداڵ: ئاستی سەربەخۆیی لە بڕیاردان و توانای ئاراستەکردنی ڕووداوەکان و شێوازی بەرهەنگاربوونەوە (کۆڵدان و ناچالاکی بەرامبەر پلاندانان و ئەکتیڤبوون).
- ڕەهەندی سێیەم: کۆدە سیمیۆتیکییە بینراوەکان و ئۆبجێکتەکان: ژینگەی دیمەنەکە (کەمپ، کێڵگەی مین و جادەی کراوە) و جۆری کەرەستە هاوڕێبووەکان (ئامێری مەرگ بەرامبەر ئامێری هیوا، نەخشە، کارکردن).
- ڕەهەندی چوارەم: کۆدی جەستەیی و تیۆریی دەسەڵات (میشێل فوکۆ): دۆخی فیزیکیی جەستە (پەککەوتوو و گوێڕایەڵ بەرامبەر جەستەی ئازاد، جوولۆک، یاخیبوو).
- ڕەهەندی پێنجەم: دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بینەر: شێوازی بەستنەوەی وەرگر بە کارەکتەرەکانەوە (خولقاندنی و سۆزی ئایرۆنی و بەزەییپێداهاتنەوەی کاتی بەرامبەر دروستکردنی وەرگری چالاک و ڕێزگرتن).

5.3. ڕەچاوکردنی ئیتیکی زانستی و مافی بەکارهێنان:

سەرجەم ئەو فریم، گرتە، دیمەنە بینراوانەی لە هەردوو فیلمی سینەمایی (کیسەڵەکانیش دەفڕن، ٢٠٠٤) و (بێکەس، ٢٠١٢) بڕدراون و لەم توێژینەوەیەدا شیکارییان بۆ کراوە، تەنها بۆ مەبەستی شیکاریی زانستی، ڕەخنەیی، ئەکادیمی (Fair Use for Academic & Educational Purposes) بەکارهێنراون. مافی خاوەندارێتیی فکری (Copyright) و بڵاوکردنەوەی ڕەسەنی ئەم بەرهەمانە بە تەواوی پارێزراوە بۆ دەرهێنەران و کۆمپانیا بەرهەمهێنەرەکانیان،و توێژینەوەکە هیچ بانگەشەیەکی خاوەندارێتی یان بەکارهێنانی بازرگانی بەسەر وێنە و کادیرەکاندا ناکات.

4. شیکاری کردەیی نموونەکانی توێژینەوە

لەم بەشەدا ئەنجامەکانی شیکاریی سیمیۆتیکی و گوتاری بینراو بۆ دیمەنە هەڵبژێردراوەکانی هەردوو فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن و بێکەس بەپێی ماتریسی کۆدسازیی ئاستبڕ دەخرێنە ڕوو. شیکارییەکە لەسەر هەردوو ئاستی مایکرۆ (سیمیۆتیکی بارت) و ماکرۆ (گوتاری ڕەخنەییی فوکۆ، هۆڵ، ڤان لیووێن) ئەنجام دەدرێت تاوەکو هێڵی وەرچەرخانی گوتاری میدیایی لە نوێنەرایەتیکردنی منداڵی کوردا دیاری بکرێت.

1.4. شیکاریی فیلمی (کیسەڵەکانیش دەفڕن، ٢٠٠٤): گوتاری میدیایی تراوما و بەکاڵاکردنی ئازار

1.1.4. کۆدی جەستەیی و شوێن: جەستەی گوێڕایەڵ لە گۆڕەپانی مەرگدا

لە سەر ئاستی واتای ڕاستەوخۆ، دیمەنە کلیلەکانی فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن کۆمەڵێک منداڵی تەمەن جیاواز نیشان دەدەن کە لە ناو ژینگەیەکی جوگرافیایی وێرانبوودا (کەمپی ئاوارەکان و کێڵگە مینڕێژکراوەکان) دەژین. گرتە سینەماییەکان لەسەر بنەمای کۆدکردنی جەستەی شێواو و کەمئەندام بونیاد نراون.

دیارترین کۆدی بینراو لە کارەکتەری (هەنگۆڤ)دا بەرجەستە دەبێت؛ کوڕێکی مێردمنداڵ کە هەردوو دەستی بڕدراوە (بڕوانە وێنەی 1 : [00:12:37]) و بە دەمی لە بارودۆخێکی مەترسیداردا مین پووچەڵ دەکاتەوە. نەبوونی دەستەکانی هەنگۆڤ و بەکارهێنانی دەمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی مەرگ، لە ئاستی واتای ناڕاستەوخۆدا (Connotation) دەبێتە نیشانەیەکی سیمیۆتیکیی قوڵ بۆ دارمانی

توانای فیزیکیی تاک.



کارەکتەری هەنگۆڤ و بەکارهێنانی جەستە وەک سیمبولی قوربانیبوون (فرێمێک لە فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن، 2004)

لە ڕوانگەی شیکاریی گوتاری ڕەخنەییەوە، کامێرا جەستەی هەنگۆڤ لە چوارچێوەی تیۆریی جەستەی گوێڕایەڵی فوکۆدا دەچوارچێوەێنێت (Foucault, 1977, p. 138 . جەستەی منداڵ لێرەدا ئیرادەیەکی سەربەخۆی نییە، بەڵکو جەستەیەکە کە زەبری مێژوویی و جەنگ هێمای خۆیان لەسەر نەخشاندووە. گۆشەی کامێرا لەم دیمەنانەدا زیاتر گۆشەی بەرزە (High-angle shot)، کە کارەکتەرەکە لە ناو ڕووبەری کارەکتەرەکە بچووک و بێدەسەڵات نیشان دەدات. ئەم چوارچێوەبەندییە میدیاییە بینەری جیهانی تووشی حاڵەتێک لە سۆزی ئایرۆنی دەکات (Chouliaraki, 2006, p. 32) واتە دروستکردنی بەزەییەکی کاتی بەرامبەر قوربانییەک کە توانای گۆڕینی واقیعەکەی خۆی نییە.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12613]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

2.1.4. چوارچێوەبەندیی میدیایی و بەکاڵاکردنی ئازار

ستراتیژیەتی گوتاری لە داڕشتنی گێڕانەوەی ئەم فیلمەدا بەتەواوی پشت بە چەمکی چڕکردنەوەی تراوما دەبەستێت. دیمەنی کەمپی ئاوارەکان و کۆکردنەوەی مینەکان لەلایەن منداڵانی کەمئەندامەوە وەک ئامرازێک بۆ مانەوە، نیشاندانی داڕمانی سۆسیۆلۆژیی ژینگەکەیە. کامێرای دەرهێنەر وەک ئامرازێک کار دەکات بۆ ئەنجامدانی پرۆسەی بەکاڵاکردنی ئازار، تاوەکو ئازاری مرۆیی



بکاتە کەرەستەیەکی بینراو بۆ ڕاکێشانی سەرنجی نێودەوڵەتی. بەکارهێنانی مۆدێلی کۆرسارۆ لە سۆسیۆلۆژیای منداڵیدا نیشانی دەدات کە منداڵ لەم گوتارەدا بوونەوەرێکی ناچالاکە (Corsaro, 2015, p. 22) منداڵەکان لە کێڵگەی مینەکاندا تەنها بەشێکن لە ئامێری جەنگێکی گەورەتر لە خۆیان. لوتکەی ئەم بێدەسەڵاتییە سۆسیۆلۆژییە لە کارەکتەری (ئاگرین)دا بەرجەستە دەبێت کە کچێکی مێردمنداڵ کە قوربانیی دەستدرێژیی سێکسیشە لەلایەن سەربازانەوە (بڕوانە وێنەی 2: [00:15:24]). ئاگرین لەبری دۆزینەوەی ئیرادە بۆ ژیان، لە کۆتایی فیلمەکەدا [01:28:40 - 01:32:15] خۆی و منداڵەکەشی لە تاشەبەردێکەوە فڕێدەداتە خوارەوە.

وێنەی ٢: کارەکتەری ئاگرین و مانیفێستبوونی تراومای ڕەها و بێدەسەڵاتیی سۆسیۆلۆژی (فرێمێک لە فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن، 2004).

3.1.4. گوتاری چاوەڕوانیی ناچالاک

فیلمەکە بەهۆی مۆتیڤە دووبارەبووەکانی ناو چیرۆکەکەوە (وەک دیمەنی بەرزکردنەوەی ئەنتێناکان و گەڕان بەدوای کەنالّە مانگی ئاسمانیەکان بۆ بینین و بیستنی وتارەکانی جۆرج بوش [00:42:15 - 00:48:10])، گوتارێکی میدیایی بونیاد دەنێت کە تێیدا تاکی کورد بەگشتی و منداڵ وەک چاوەڕوانێکی ناچالاک پیشان دەدرێت.

سیمبولی ئەنتێنا لە ئاستی نیشانەناسیدا کار دەکات وەک هێمایەک بۆ بەستنەوەی چارەنووسی ناوخۆ بە هێزی دەرەکییەوە، وەک ستیوارت هۆڵ ئاماژەی پێ دەکات ئەم فرێمی میدیاییا سینەماییە ناسنامەی منداڵی کورد لە چوارچێوەیەکی دیاریکراودا بەرتەسک دەکاتەوە، لە نێوان پێویستی بە بەزەیی و چاوەڕوانی بۆ ڕزگارکەری دەرەکی.(بڕوانە وێنەی 3: [00:16:40]).

وێنەی 3: دیمەنی گەڕان بەدوای کەنالّە مانگی دەستکردەکان بۆ بینین و بیستنی وتارەکانی جۆرج بوش [00:16:00 - 00:20:00]) (فرێمێک لە فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن، 2004).



2.4. شیکاریی فیلمی (بێکەس، ٢٠١٢): وەرچەرخان بەرەو سینەمای داکۆکیکار و بکەریەتیی ئیرادەی منداڵ

1.2.4. کۆدی جەستەی ئازاد

فیلمی بێکەس نوێنەرایەتییەکی جیاواز لە گوتاری میدیایی سینەما دەکات. لە ئاستی واتای ڕاستەوخۆدا (Denotation)، کامێرا دوو برای بێسەرپەرشت بە ناوەکانی (زانا و دانا) نیشان دەدات کە لە ڕێگەی بۆیاخکردنی پێڵاوەوە بژێویی خۆیان دابین دەکەن



(بڕوانە وێنەی 4: [00:09:10 - 00:15:40]). بە پێچەوانەی فیلمی پێشوو، کۆدە بینراوەکان لێرەدا لە (مین و کەمپ)ەوە دەگۆڕێن بۆ (کۆڵانە زیندوەکان، قوتبی بۆیاخ و سەفەر و گەشت).

وێنەی 4: کارەکتەرەکانی زانا و دانا لە فیلمی بێکەسدا و بەرجەستەبوونی بکەریەتیی کۆمەڵایەتی (سەرچاوە: فرێمێک لە فیلمی بێکەس، 2012 خولەکی [00:15:40 - 00:09:10])

لە ئاستی ناڕاستەوخۆدا ، جەستەی زانا و دانا چیتر جەستەیەکی گوێڕایەڵ و کەمئەندام نییە، بەڵکو جەستەیەکی چست و چالاک و بەرهەنگاربووەوەیە. بەپێی تیۆریی بکەریەتی لە سۆسیۆلۆژیای منداڵیدا کارەکتەرەکان وەک بکەری کۆمەڵایەتی ڕەفتار دەکەن (James & Prout, 1997, p. 12) . ئەوان ڕادەستی ئاستەنگەکان نابن بەڵکو دەستپێشخەری دەکەن بۆ ئامانجێک کە سەفەرکردنە، کامێرا لێرەدا زیاتر گۆشەی ئاستی چاو (Eye-level shot) بەکاردێنێت، کە ڕێز و یەکسانی بە پێگەی کارەکتەرەکان دەبەخشێت و پەیامی سینەمای داکۆکیکار بونیاد دە نێت (Wayne, 2001, p. 25).

2.2.4. کۆدی ئۆبجێکتەکان و دروستکردنی بەرهەنگاربوونی گوتاری باو

دیمەنی کرین و سواربوونی گوێدرێژێک و ناونانی بە (BMW) لەلایەن زانا و داناوە (بڕوانە وێنەی 5: [00:41:20 - 00:47:15])، یەکێکە لە چڕترین دیمەنە سیمۆتیکییەکانی فیلمەکە.



وێنەی 5: ناونانی گوێدرێژەکە بە BMW وەک هێمای تێپەڕاندنی مەحرومییەت و بەکارهێنانی خەیاڵ (سەرچاوە: فرێمێک لە فیلمی بێکەس، 2012)

لە ئاستی نیشانەناسیدا، گوێدرێژ نیشانەیە بۆ هەژاریی و دواکەوتوویی ژینگەکە، بەڵام ناونانی بە "BMW" و نەخشاندنی لۆگۆکە لەسەر جەستەی ئاژەڵەکە، کردەیەکی سیمۆتیکییە بۆ بەکارهێنانی خەیاڵ تاوەکو زەبری مەحرومییەتەکە بشکێندرێت. ئەمە لە شیکاریی گوتاردا بونیادنانی بەرهەنگاربوونەوەی گوتاری باوە. فیلمی بێکەس زەبری دەروونی لەشێوەی هەژاری پیشان دەدات، بەڵام ڕێگە نادات تراوماکە ناسنامەی منداڵەکە داگیر بکات.

3.2.4. سیاسەتی نوێنەرایەتیکردنی نوێ و سوپەرمان وەک سیمبولی ڕزگاریی خودی

گەشتی پڕ لە سەرکێشیی منداڵەکان بەرەو ئەمریکا بۆ بینینی سوپەرمان [01:15:00 - 01:22:10]، لە ڕوانگەی سیمۆتیکییەوە میتافۆرێکە بۆ گەڕانی تاکی کورد بەدوای دادپەروەریدا. بەڵام جیاوازیی گوتاری لەوەدایە کە منداڵەکان خۆیان ڕێگاکە دەبڕن و هەوڵ دەدەن لەبری ئەوەی لە شوێنی خۆیاندا ناچالاک بن. (بڕوانە وێنەی 6: [00:44:20 - 00:45:15])

وێنەی 6: گەشتی پڕ لە سەرکێشیی منداڵەکان بەرەو ئەمریکا بۆ بینینی سوپەرمان (سەرچاوە: فرێمێک لە فیلمی بێکەس، 2012).

ئەم گوتارە میدیاییە نوێیە وەرگر دەخاتە دۆخی وەرگری چالاک، بینەر لێرەدا تەنها بەزەیی بە منداڵەکەدا ناهێتەوە، بەڵکو هاوسۆزییەکی چالاک و ڕێز بۆ ئیرادەکەی دەنوێنێت, ئەمە وەرچەرخانێکە لە سینەمای پیشاندانی ئازارەوە بەرەو سینەمای داکۆکیکار.

3.4. بەراوردکاریی سیمیۆتیکی و سۆسیۆلۆژی لە نێوان دوو گوتارەکەدا

بۆ ڕوونبوونەوەی هێڵی وەرچەرخانەکە لە سیاسەتی نوێنەرایەتیکردندا، بەراوردکاریی بنەڕەتی لە نێوان هەردوو بەرهەمەکەدا بەپێی ٥ ڕەهەندی سەرەکی بەم شێوەیەی خوارەوە دەخرێتە ڕوو:

ڕەهەندی یەکەم: چوارچێوەبەندیی گوتاری میدیایی

1.فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن (2004): چوارچێوەبەندی لەسەر بنەمای نمایشکردنی تراوما و بەکاڵاکردنی ئازار بۆ ڕاکێشانی بەزەیی نێودەوڵەتی.

2.فیلمی بێکەس (2012): چوارچێوەبەندی لەسەر بنەمای سینەمای داکۆکیکار، خولقاندنی هیوا و بەهێزکردنی کارەکتەر.

ڕەهەندی دووەم: پێگە و بکەریەتیی سۆسیۆلۆژیی منداڵ

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12613]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]



1.فیلمی کیسەڵەکانیش دەڤرن (2004): منداڵ وەک بوونەوەرێکی ناچالاک و قوربانیی بێدەسەڵات، و پاشکۆی ڕووداوە جەنگییەکان.
2.فیلمی بێکەس (2012): منداڵ وەک بکەرێکی کۆمەڵایەتیی کارا، خاوەن بڕیار، ئاراستەکاری ڕووداوەکان.

ڕەهەندی سێیەم: کۆدە سیمیۆتیکییە بینراوەکان

1.فیلمی کیسەڵەکانیش دەڤرن (2004): مین، جەستەی بڕاوە، چادری ئاوارەیی، ئەنتینا، تاشەبەرد، خۆکوژی.
2.فیلمی بێکەس (2012): قوتیی بۆیاخ، گوێدرێژی BMW، نەخشە، ڕادیۆ، پۆستەری سوپەرمان.

ڕەهەندی چوارەم: تیۆریی جەستە و دەسەڵات (میشێل فوکۆ)

1.فیلمی کیسەڵەکانیش دەڤرن (2004): جەستەی گوێرایەڵ و شێواو لەژێر هەژموونی زەبری سیاسی و مێژووییدا.
2.فیلمی بێکەس (2012): جەستەی ئازاد و یاخییوو بەرامبەر سنووورە جوگرافی و کۆمەڵایەتییەکان.

ڕەهەندی پێنجەم: دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ بینەر

1.فیلمی کیسەڵەکانیش دەڤرن (2004): دروستکردنی سۆزی ئایرۆنی و بەزەییپێداهاتنەوەی کاتی لای بینەری جیهانی.
2.فیلمی بێکەس (2012): دروستکردنی وەرگری چالاک و ڕێزگرتن لە کارەکتەر و هاوسۆزیی بنەماکراو لەسەر ئیرادە.

4.4. گفتوگۆی ئەنجامەکان

1.4.4. تەفسیری وەرچەرخان لە تراومای دەستەجەمعییەوە بەرەو ناسنامەی پۆستتراوما

ئەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیە دەیسەلمێنن کە سینەمای کوردی لە قۆناغی دوای 2004دا لەژێر هەژموونی زەبری کارەساتی ئەنفال و جەنگدا، گوتارێکی سیمیۆتیکیی داڕشتبوو کە تێیدا ناسنامەی کورد لە زەمینەی قوربانییوونداا کورتکردوەتەوە. لە فیلمی کیسەڵەکانیش دەڤرندا، جەستەی منداڵی کەمئەندام دەبێتە میتافۆرێک، بۆ تەواوی نەتەوەکە ئەم نوێنەرایەتیکردنە ئەگەرچی لە ڕووی میدیاییەوە خزمەتی بە ناساندنی کارەساتی کورد کرد بە جیهان، بەڵام باجە سۆسیۆلۆژییەکەی ئەوە بوو کە تاکی کوردی لە چوارچێوەی جەستەیەکی گوێرایەڵ و چاوەڕوانکاردا زیندانی کرد.

ئەم دەرەنجامە پشتیوانی لە ڕوانگەی توێژەرانی پێشووتر دەکات؛ وەک (Chouliaraki, 2006) کاتێک جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە کە بەکاڵاکردنی ئازار لە میدیادا قوربانییەکان لە بکەرێتیدا دەهێڵێتەوە. بەڵام توێژینەوەکەی ئێمە زیاتر لەمە دەڕوات و نیشانی دەدات کە وەرچەرخان لە فیلمی بێکەسدا (2012) بەیانکردنی گواستنەوەی کۆمەڵگەی کوردییە بەرەو قۆناغی پۆستتراوما (Post-Trauma). لەم قۆناغەدا گوتاری میدیایی چیتر لەسەر شیوەن بونیاد نانرێت، بەڵکو بەرەنگاربوونەوە دەکاتە بڕبڕەی پشتی نوێنەرایەتیکردن. ئەم ئەنجامە هاوتایە لەگەڵ ئەنجامەکانی توێژینەوەی (Wayne, 2001) کە جەخت لەسەر توانای سینەمای داکۆکیکار دەکاتەوە لە ڕەتکردنەوەی گوتاری زاڵ.

2.4.4. سینەمای داکۆکیکار و بونیادنانی کەرامەتی نەتەوەیی

تێکهەڵکێشکردنی ئەنجامەکان نیشانی دەدات کە چەمکی سینەمای داکۆکیکار تەنها گوڕینێکی ڕووکەشی لە تەکنیکی دەرهێناندا نییە، بەڵکو ستراتیژیەتێکی ئایدیۆلۆژی و کۆمەڵایەتییە. لە کاتێکدا فیلمی یەکەم لەسەر پیشاندانی برین کار دەکات، فیلمی دووەم لەسەر داکۆکیکردن لە کەرامەت کار دەکات. ئەم گۆڕانکارییە لە کۆدە سیمیۆتیکییەکاندا (بەکار هێنانی نەخشە و خەیاڵ لەبری مین و خۆکوژی) بینەری کوردی و جیهانی لە بازنەی بەزەییپێداهاتنەوە دەرهێناوە و خستوویەتییە ناو بازنەی ڕێزگرتن لە توانای بەرگەگرتن.

5. دەرئەنجام، ڕاسپاردەکان، پێشنیازەکان

1.5. دەرئەنجام

ئەم توێژینەوەیە لە ڕێگەی پیادەکردنی شیکاریی سیمیۆتیکیی بارت و شیکاریی گوتاری ڕەخنەیی فوکۆ و هۆڵ و ڤان لیووێن لەسەر فیلمەکانی کیسەڵەکانیش دەڤرن (2005) و بێکەس (2022)، بە سەرکەوتوویی وەڵامی پرسیارە بنەڕەتییەکانی توێژینەوەکەی دایەوە و گەیشتە کۆمەڵێک دەرئەنجامی سەرەکی:

1. وەرچەرخانی پارادیگمایی لە پیشاندانی برینەوە بەرەو سینەمای داکۆکیکار: شیکارییەکە سەلماندی کە گوتاری میدیایی لە سینەمای کوردیدا لە نێوان ساڵانی 2004 تاوەکو 2012 تووشی وەرچەرخانێکی مێژوویی بووە. فیلمی کیسەڵەکانیش دەڤرن لەسەر بنەمای چڕکردنەوەی تراوما و بەکاڵاکردنی ئازار بونیاد نراوە تاوەکو لە ڕێگەی نمایشکردنی جەستەی شێواو و خاوەنپێداویستی تایبەت و سۆز و بەزەیی نێودەوڵەتی بپێکێت. لە بەرامبەردا، فیلمی بێکەس نوێنەرایەتیی پارادیگمای سینەمای داکۆکیکار دەکات، گوتارێک کە لەبری خستنەڕووی بێدەسەڵاتی، سەرنج دەخاتە سەر دروستکردنی هیوا، بەرەنگاربوونەوە، پاراستنی کەرامەتی مرۆیی.

2. لێکهەڵوەشاندنەوەی جەستە: لە جەستەی گۆڕایەڵەوە بۆ بکەری کۆمەڵایەتی، لە سەر ئاستی نیشانەناسیی جەستە، کارەکتەرە منداڵەکانی فیلمی کیسەڵەکانیش دەفڕن (هەنگۆڤ و ئاگرین) وەک جەستەی گۆڕایەڵی فوکۆیی بەرجەستە دەبن کە بێدەسەڵاتن لە بەردەم زەبری مێژوویی و جەنگدا و دەرئەنجامەکەیان بە خۆکوژی و ناوچوون کۆتایی دێت. بەڵام لە فیلمی بێکەسدا، جەستەی کارەکتەرەکان (زانا و دانا) وەک بکەری کۆمەڵایەتی داڕێژراونەتەوە، جەستەیەک کە بەرهەنگاری مەحرومییەتی ئابووری دەبێتەوە و دەستپێشخەری دەکات بۆ گۆڕینی واقیعەکەی.

3. نیشانەناسیی ئۆبجێکتەکان لە فیلمی بێکەسدا (وەک ناونانی گوێدرێژێک بە BMW) ئاماژەیە بۆ دروستکردنی بەرهەنگاربوونی گوتاری باو لە ڕێگەی خەیاڵدانەوە بۆ شکاندنی زەبری هەژاری. ئەم گۆڕانکارییە سیمیۆتیکییە پێگەی بینەری لە وەرگری ناچالاکی تووشبوو بە بەزەییپێداهاتنەوە، بەرەو وەرگری چالاک دەگۆڕێت کە ڕێز لە ئیرادەی کارەکتەرەکان دەگرێت.

4. لە سەر ئاستی تێوریی نێودەوڵەتی ئەم توێژینەوەیە مۆدێلێک پێشکەش دەکات کە دەسەڵمێنێت سینەمای کۆمەڵگە قوربانییەکانی جەنگ لە جیهانی سێیەمدا دەتوانێت لە زیندانی ناسنامەی تراومایی دەستەجەمعی ڕزگاری بێت و بپەڕێتەوە بەرەو بونیادنانی ناسنامەی پۆستتراوما، کە تێیدا ڕابردوو و ئازارەکان نابنە ئامرازی پێناسەکردنی تاکی کورد بەڵکو دەبنە پاشخانێک بۆ سەلماندنی توانای مانەوە.

2.5. ڕاسپاردەکان

بەپێی ئەو دەرئەنجامە زانستییانەی بەدەست هاتون، توێژینەوەکە کۆمەڵێک ڕاسپاردەی کرداری ئاڕاستەی ناوەندە میدیاییەکان، دەرهێنەران، توێژەرانی داهاتوو دەکات.

1.پێویستە دەرهێنەران و داڕێژەرانی گوتاری بینراوی کوردی بڕست لە بەکاڵاکردنی تراوما بۆ ڕاکێشانی بەزەیی ببڕن و زیاتر کار لەسەر چەمکی سینەمای داکۆکیکار بکەن کە چەمکەکانی ئیرادە، کەرامەت، بکەریەتیی کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکەن.

2.پێویستە کارەکتەری منداڵ لە بەرهەمە میدیایی و سینەماییەکاندا لە قوربانیی ناچالاکەوە بگۆڕدرێت بۆ بکەری کۆمەڵایەتی کە توانای خەیاڵدان، دەستپێشخەری، بڕیاردانی هەبێت.

3.5. پێشنیازەکان:

1. پێشنیاز دەکرێت توێژەرانی داهاتوو توێژینەوەی مەیدانی و دەروونناسیی کۆمەڵایەتی ئەنجام بدەن، تاوەکو ڕێژەی کاریگەریی ئەم وەرچەرخانە گوتارییەی سینەما لەسەر هۆشیاریی بینەری کوردی و بیانی بپێون.

2. پێشنیاز دەکرێت شیکاریی سیمیۆتیکی بۆ بەرهەمە سینەماییەکانی دوای جەنگی داعش (دوای ساڵی 2018) ئەنجام بدرێت تاوەکو بزانرێت ئایا گوتاری پۆستتراوما لە ڕووبەڕووبوونەوەی تراوما نوێیەکاندا بەردەوامی هەبووە یان تووشی پاشەکشە بووەتەوە.

3. ئەنجامدانی توێژینەوەی بەراوردکاری لە نێوان نوێنەرایەتیکردنی منداڵ لە سینەمای کوردیدا بەرامبەر سینەمای ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست (وەک سینەمای ئێرانی و تورکی و میسری) بۆ دەستنیشانکردنی تایبەتمەندییە سیمیۆتیکییەکانی هۆشیاریی ناوچەیی.

6. لیستی سەرچاوەکان

یەکەم: سەرچاوە کوردییەکان

- ئەحمەد، کامەران. (٢٠١٨). میدیا و ناسنامە لە سەردەمی پۆست تراومادا-Media and identity in the post] trauma era]. هەولێر: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ڕۆژهەڵات.
- قادر، ئارام. (٢٠٢١). سۆسیۆلۆژیای کۆمەڵگە و سینەمای کوردی: خوێندنەوەیەکی ڕەخنەیی Sociology of] society and Kurdish cinema: A critical reading]. سلێمانی: ناوەندی ڕۆشنبیریی ئەندێشە.

دووەم: سەرچاوە عەرەبی و فارسییەکان

- خالقپناه، کمال. (٢٠٠٨). نشانەشناسی و تحلیل فیلم: بررسی نشانەشناختی فیلم لاک‌پشت‌ها هم پرواز می‌کنند Semiotics and film analysis: A semiotic study] of 'Turtles Can Fly']. نشریه مطالعات فرهنگی و ارتباطات، ٤(١٢)، ٥٥-٧٨.
- سینا، خسرو. (٢٠١٧). سینمای کردستان و سیاست‌های بازنمایی Kurdish cinema and the politics of] representation]. سنندج: انتشارات دانشگاه کردستان.
- سینا، خسرو، و افشار، حمیدرضا. (٢٠١٥). کارکرد نظریه‌های جامعه‌شناسی در تحلیل فیلم؛ مطالعه موردی تحلیل فیلم «لاک‌پشت‌ها هم پرواز می‌کنند» [The function of sociological theories in film analysis: A case study of 'Turtles Can Fly']. فصلنامه علمی-پژوهشی هنرهای زیبا: هنرهای نمایشی و موسیقی، ٢٠(٢)، ٥-١٦.
- سینا، خسرو، و افشار، حمیدرضا. (٢٠١٦). تحلیل اجتماعی تکوین موج نوی سینمای کرد بر بستر سینمای قومی ایران Social analysis of the genesis of Kurdish New]

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12613]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]

- Silvestri, L., & Mitchell, A. (2023). Communicating Trauma: Media, Memory, and Victimhood. London: Routledge.
- Tufte, T., & Wildermuth, N. (2023). Communication, Youth and Social Change. London: Routledge.
- Van Leeuwen, T. (2008). Discourse and Practice: New Tools for Critical Discourse Analysis. Oxford: Oxford University Press.
- Wayne, M. (2001). Political Film: The Dialectics of Third Cinema. London: Pluto Press

چوارەم: فۆنۆگرافی و فیلمەکان (Filmography)

1. قوبادی، بەهمەن (دەرهێنەر). (٢٠٠٤). کیسەڵەکانیش دەفڕن [فیلمی سینەمایی]. ئێران و عێراق: میژ فیلم.
2. قادر، کارزان (دەرهێنەر). (٢٠١٢). بێکەس [فیلمی سینەمایی]. سوید و هەرێمی کوردستان: دەزگای فیلمی سویدی (SFI).

Advocacy Cinema: Sociological Dimensions and Media Discourse in the Representation of Children in Kurdish Cinema

Abstract

The representation of children in Kurdish cinema has historically been intrinsically linked to media discourse and social structures however, a critical analytical void remains regarding the epistemological shifts within this cinematic discourse. This study aims to analyze and interpret the paradigm shift in the media discourse of Kurdish cinema as it transitions child representation from absolute trauma to ideological agency. Methodology: To achieve this objective, the research employs a Descriptive-Analytical Method grounded in a purposive comparative semiotic analysis of two landmark Kurdish films: Turtles Can Fly (2004) and Bekas (2012). The theoretical framework synthesizes Michel Foucault's concept of the "docile body," Jeffrey Alexander's cultural sociology of collective trauma, and the paradigm of the New Sociology of Childhood. Findings: The findings demonstrate that in the first phase (Turtles Can Fly), media discourse constructs the child's body as a passive signifier and a commodified vehicle for displaying collective trauma to evoke international audience pity. Conversely, in the second phase (Bekas), the discourse

Wave cinema in the context of Iran's ethnic cinema]. فصلنامه مطالعات جامعه‌شناختی، ۲۳(۱)، ۱۲۱-۱۴۲.

- معتمدی، رضا. (۲۰۱۸). بازنمایی گفتمانی و پوپولیسم در سینمای خاورمیانه [Discursive representation and populism in Middle Eastern cinema]. تهران: مرکز تحقیقات رسانه و ارتباطات.

سێیەم: سەرچاوە ئینگلیزییەکان

- Alexander, J. C. (2012). Trauma: A Social Theory. Cambridge: Polity Press.
- Barthes, R. (1972). Mythologies (A. Lavers, Trans.). New York: Hill and Wang.
- Chouliaraki, L. (2000). Spectating disaster: Images of suffering on television. Media, Culture & Society, 22(5), 543–566.
- Chouliaraki, L. (2006). The Spectatorship of Suffering. London: SAGE Publications.
- Chouliaraki, L. (2024). Wronged: Media and the Politics of Rescue. New York: Columbia University Press.
- Corsaro, W. A. (2015). The Sociology of Childhood (4th ed.). Thousand Oaks, CA: SAGE Publications.
- Ebbrecht-Hartmann, T. (2023). Media, Memory and Historical Trauma. London: Palgrave Macmillan.
- Foucault, M. (1977). Discipline and Punish: The Birth of the Prison (A. Sheridan, Trans.). New York: Pantheon Books.
- Hall, S. (Ed.). (1997). Representation: Cultural Representations and Signifying Practices. London: SAGE Publications.
- James, A., & Prout, A. (Eds.). (1997). Constructing and Reconstructing Childhood: Contemporary Issues in the Sociological Study of Childhood (2nd ed.). London: Routledge.
- Kleinman, A., & Kleinman, J. (1997). The appeal of experience; the dismay of images: Cultural appropriations of suffering in our times. In A. Kleinman, V. Das, & M. Lock (Eds.), Social Suffering (pp. 1–23). Berkeley: University of California Press.
- McQuail, D. (1999). McQuail's Mass Communication Theory (4th ed.). London: SAGE Publications.

سينما المناصرة: الأبعاد السوسيولوجية والخطاب الإعلامي في تمثيل الطفل في السينما الكردية

الملخص

ظلت سياسة تمثيل الطفل في السينما الكردية مقترنة باستمرار بالخطاب الإعلامي والبنية السوسيولوجية للمجتمع، غير أن القراءة النقدية للتحولات الإبستمولوجية لهذا الخطاب تشهد فجوة جوهرية في الأدبيات الأكاديمية الكردية. **الهدف:** تهدف هذه الدراسة إلى تحليل وتفسير التحول البرادغمي (النموذجي) الذي شهده الخطاب الإعلامي للسينما الكردية في انتقال تمثيل الطفل من مرحلة الصدمة (التراوما) المطلقة إلى مرحلة التحرر الأيديولوجي. المنهجية: ولتحقيق هذا الهدف، تتبع الدراسة المنهج الوصفي التحليلي، من خلال تحليل سيميائي ومقارن قصدي لفيلمين بارزين في السينما الكردية: (السلاحف تطير أيضاً، 2004) و(بيكس، 2012). ويستند الإطار النظري للدراسة إلى ثلاثية أطروحات "السلطة والجسد المطيع" عند ميشيل فوكو، و"السوسيولوجيا الثقافية للصدمة الجماعية" عند جيفري ألكسندر، ومفاهيم "علم اجتماع الطفولة الجديد". **النتائج:** تُثبت النتائج أنه في المرحلة الأولى (السلاحف تطير أيضاً)، قام الخطاب الإعلامي ببناء جسد الطفل بوصفه "جسداً مطيعاً"، ودالاً سلباً، وسلعة رمزية لعرض الصدمة الجماعية واستدرار عطف المتلقي العالمي. أما في المرحلة الثانية (بيكس)، فقد تحول الخطاب نحو نموذج سينما المناصرة، حيث يُحرَّر الطفل من صورة الضحية الدائمة، ويُجسَّد كفاعل اجتماعي نشط، يمتلك الإرادة والصمود لإعادة صياغة الهوية الوطنية. الأهمية العلمية: من الناحية المعرفية، تُثبت الدراسة أن السينما الكردية في مرحلة ما بعد الصدمة تحولت من أداة لتسجيل الكوارث إلى أداة ديناميكية لتقرير المصير وإعادة البناء الاجتماعي.

الكلمات المفتاحية: السينما الكردية، الخطاب الإعلامي، سوسيولوجيا الطفولة، الصدمة ، سينما المناصرة.

pivots toward Advocacy Cinema, wherein the child is re-articulated from an ideology of permanent victimhood into an active, resilient, and empowered social agent. Implications: Methodologically and academically, this study reveals that post-trauma Kurdish cinema has evolved from a passive recorder of national tragedy into a dynamic instrument for self-determination, identity reconstruction, and social agency.

Keywords: Kurdish Cinema, Media Discourse, Sociology of Childhood, Trauma, Advocacy Cinema.

- **Publisher:** University of Sulaimani, **ISSN (Print):** 1813-0852, **ISSN (Online):** 2617-3034
- **Journal Websitehttps://sjh.univsul.edu.iq/, Volume:** [s], **Issue:** [3], **Year:** [2026], **DOI:** [10.17656/jzsb.12613]
- **Submission Date:** [1/08/2026], **Revised Date:** [1/08/2026], **Accepted Date:** [25/10/2026], **Published Date:** [04/11/2026]